# مەبەستە پراگماتیکییەکانی ناو بچوککردنەوە لە زمانی کوردیدا

## (ناوی تایبەتی وەک نمونە)

**تریفە محەمەد فەرەج ، عومەرئەحمەد عەزیز**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**پوختە**

مەبەستە پراگماتیکییەکانی ناوبچوککردنەوە، لە زمانی کوردیدا (ناوی تایبەتی وەک نمونە) ناونیشانی توێژینەوەکەیە، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە ئاشنامان دەکات بە مەبەستەکانی بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی لە بەکارهێناندا، کێشەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ئایا ناو تەنها بۆ مەبەستی بچوککردنەوەی قەبارە بچوک دەکرێتەوە؟ یان دەشێت بۆ جیا لەو مەبەستە بچوک بکرێتەوە؟ توێژینەوەکە لە چوارچێوەی زانستی پراگماتیکدایە و ڕێبازی پەسنی/ شیکاریی تێدا بەکارهێنراوە، ئەو نمونانەی هێنراونەتەوە بەهەمان شێوەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزاری سلێمانین. لە توێژینەوەکەدا مۆرفیمەکانی بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی دیاریکراون، لەگەڵ گرنگترین ئەو مەبەستە پراگماتیکیانەی لە دەروبەری جیاوازدا، ئەم مۆرفیمانە دەیگەیەنن.

زاراوەی کلیلی : بچوککردنەوە، ناوبچوککردنەوە، مەبەستەپراگماتیکییەکان، مۆرفۆپراگماتیک، مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە.

**زاراوە، چەمک و پێناسەی بچوککردنەوە /Diminutive :**

وەک زاراوەیەکی زمانەوانی بەرانبەر بە وشەکانی (Diminutive)ئینگلیزی و (تێغیر)ی عەرەبی، بچوککردنەوە بەکاردەهێنرێت. (بچوککردنەوە دیاردەیەکی زمانی ناسراوە لە زۆربەی زمانەکاندا، هەر زمانە و بەشێوەی جیاجیا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.(سەعید،سازان زاهیر ،2013 :،24). بچوککردنەوە بەرانبەر بە وشەی(Diminutive)بەکاردێت، بۆ ئەو وشانەی، کە مانای بچوککردنەوە، یان کەمکردنەوە دەگەیەنن.(Stephouy: 1997) لەبەرئەوەی ناونیشانەکەی ئێمە تایبەتە بە ناو، بۆیە زیاتر باس لە بچوککردنەوەی ناو دەکەین، لە نێو ناوەکانیشدا ناوی تایبەتی، چونکە (لە بچوککردنەوەدا بە شێوەیەکی گشتی ناو تایبەت دەکرێت، هەرچەندە بەشەکانی تری ئاخاوتنیش بچوکدەکرێنەوە، وەکو (جێناو ،ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار)(Mahmoud k.m، 2017. 51)بچوککردنەوەی ناو، بریتییە لە بچوککردنەوە و کرتاندنی بەشێک لە ناوەکە، کردەی بچوککردنەوەی ناو، پێویستی بە هۆکار و پاڵنەری تایبەت و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر هەیە. وەک ئەوەی ئاماژەی بۆ دەکرێت بچوککردنەوەی ناو لە هەمو یان زۆربەی کەلتورەکانی دنیادا بونی هەیە.(زۆرجار بچوککردنەوەی ناو بۆ ئاماژەکردن و نیشانەکردنی(Addressing) بۆ منداڵ بەکاردێت ، بەتایبەت بۆ دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بۆ منداڵ). (Mahmoud. k .m، 51 2017) زمانی کوردی بە ڕێژەیەکی زۆر دیاردەی بچوککردنەوەی ناوی تێدا دەبینرێت، کە هەر یەکەیان هۆکار و مەبەستی تایبەتی لە پشتەوەیە. بچوککردنەوەی ناو تەنها ناوە ڕەسەنەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەمو ئەو ناوانەشی لە زمانەکانی ترەوە وەرگیراون دەکەونە بەر ئەم دیاردەی بچوککردنەوەیە.(زمانی کوردی بە جۆرێکە ڕێگە بە بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی مرۆڤ بەپێی شێوازێکی تایبەتی دەدات.(سەعید،سازان زاهیر ،2013 :68) بچوککردنەوە، بریتییە لەو پاشگرانەی، کە جۆرێک دەبن لە شێوەیەکی بچوکتر لە چاوگ و وشە و ناوەکان.(Libe، :2009

46)مۆرفیمی بچوککردنەوە ، مۆرفیمێکی هەڵگوێزەرە/ وشە دارێژە ، واتە ڕۆڵی لە دروستکردنی وشەی نوآ و ناوی نوێی لە زماندا هەیە ، لەپاڵ وشە نوێیەکەدا، دەکرێت واتای خۆشەویستی و سۆزیش بگەیەنێت. (کروس) سەبارەت بە پێناسەی مۆرفیمی بچوککردنەوە دەڵێت:(گیرەکێکە ، دەبێتە هۆی بچوککردنەوەی مانا و مەبەستی ناوێک، یان کەمکردنەوەی نرخ و بایەخی ئەو واتایەی وشە بنەڕەتیەکە لەپێش وەرگرتنی گیرەکەکە دەیگەیەنێت.(cures،50: 2006 ) ناو بچوککردنەوە لە زمانی کوردیدا ناوی بێگانە و خۆیی یەکجار باوە و دەروازەیەکی سەرەواڵەی هەیە لە کۆنی کورد دا، کە بەشێوازی و ڕێبازی تایبەتی و بەپێی گرامەری زمان و هەڵکەوتنی قورگ و مەلاشو و ددان و لێو و فۆنەتیکیەکانی بۆڕسکانەوە.( زامدار،محمود،2011 :29) بچوککردنەوەی ناو ئاماژەیە بۆ زیادکردنی مۆرفیمە هەڵگوێزەرەوەکان، کەبەشیوەی پاشگر دەچنە سەر ناوەکان و وشەیەکی نوآ بەرهەمدەهێنن ، واتای گشتی ئەم پرۆسەیە (کەم،تۆزێک،بچوک،کورت) دەگەیەنیت بۆنمونە لە زمانی ئینگلیزیدا (Kitchenette) واتای چێشتخانەی بچوک دەگەیەنێت، یان( Booklet) واتای کتێبی بچوک دەگەیەنێت. (iman hamid،2009،2) . تایبەتمەندییەکی بچوککردنەوە ئەوەیە، ئەو مۆرفیمانەی، کە لە زمانی کوردیدا بۆ بچوککردنەوە بەکاردێن، دەچنە سەر ناوی نێر و مێش، بۆ نمونە مۆرفیمی/- ە/ دەچێتە سەر ناوی هەر دو ڕەگەز، ئەمەش سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە، کە لە زمانی کوردیدا ڕەگەز نەماوە، بۆیە ئەو مۆرفیمە ناوی نێر و مێ بچوکدەکاتەوە. ناوەکان بە چەند شێوەیەک بچوکدەکرێنەوە یەکێک لەو ڕێگایانە بریتییە لە کرتاندنی مۆرفیمێک یان زیاتر. زۆرجار مۆرفیمەکانی کۆتایی ناوەکە دەکرتێنرێت. کرتاندن یاسایەکی فۆنۆلۆجی زمانە و بریتییە لە کرتاندن و لێکردنەوەی دەنگێک یان زیاتر. یاسای تێچوونی دەنگ، بریتییە لە سوان یان تێچوونی یان (کرتاندنی) دەنگێک، یان زیاتر لە مۆرفیمێک یان وشەیەک ئەم تێچوونەش کە لە وشە و مۆرفیمدا ڕوودەدات بە مەبەستی ئاسانی دربڕینە ئەم جۆرە گۆڕانە، کە بەسەر وشە و مۆرفیمەکاندا دێن لە ئەنجامی دەرکەوتنیان لە ژینگەی جیاواز دێتە کایەوە. واتە وشەیەک دو فۆرم وەردەگرێ بەبێ ئەوەی لە واتا و ئەرکیان کەم بێتەوە کرتاندنەکانیش لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا دەبێت. (لەم قۆناغەدا هیچ مۆرفیمێکی بچوککردنەوە بە کۆتایی ناوەکەوە نالکێنرێت تەنها مۆرفیمەکانی کۆتایی ناوەکە دەکرتێنرێن.(سەعید، سازان زاهیر،2013 :69) بۆ نمونە:

تریفە_ترێ_ترە_ترک

مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە ، زۆرجار مەبەستی خۆشەویستی، یاخود پیشانی پتەوی پەیوەندی کۆمەلایەتی نێوان کەسەکان ، یاخود نازداریی و قەبارەی کەسەکان بەکاردێت، بەلام لەگەلڕ ئەوەشدا دەکرێت، مەبەستەکان پێچەوانە ببنەوە، واتە بە مەبەستی ڕق و کەمکردنەوەی کەسایەتی کەسەکان بەکاربهێنرێت. هۆکارە سەرەکیەکانی پشت ئەم دیاردەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دیاردەی بچوککردنەوەی ناو وەک هەر دیاردەیەکی تری زمانی کۆمەلێک هۆکار لەپشت بەکارهێنانیەوەن، زانینی هۆکارەکان و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردەیە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیانە هەیە، چونکە بەکارهێنانی ناو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەکۆمەڵ و لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێن.

## پراگماتیک و کردەی بچوککردنەوە:

زاراوەی پراگماتیک، لە وشەی (pragma)ی گریکیەوە وەرگیراوە، کە بەواتای کارکردن یاخود پراکتیک دێت.(دزەیی،عبدالواحید موشیر،2014 :22) پراگماتیک لقێکی زانستی زمانە و مامەڵە لەگەڵ زمان لە بەکارهێنان و چوارچێوەی بەکارهێنانەکاندا دەکات. پراگماتیک، بەو زانستە دەوترێت ، کە گرنگی بە واتای دەوروبەری گوتنەکان دەدات. واتە مەبەستی سەرەکی پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لە ئاخاوتنی ئاخێوەران، چونکە هەر مرۆڤێک ڕۆژانە زمان بەکاردەهێنێت لە ئاخاوتنەکانیدا واتا

و مەبەستی پراگماتیکی هەیە. (پراگماتیک، تاوتوێکردنی واتایە، ئەو واتایەی لەلایەن قسەکەر یان نوسەرەوە دەگەیەنرێت و لەلایەن گوێگرەوە یان خوێنەرەوە لێکدەدرێتەوە.( George Yule، 18 ;2016) مەبەستی پراگماتیکیش گەیشتنە بەو واتا شاراوانەی، کە ئاخێوەران لەپشتی دەربڕینەکانیانەوەن، مەبەستیانە و دەیگەیەنن. پراگماتیک بریتییە لە بەستنەوەی هێما زمانیەکان بە دەوروبەری ئاخاوتنەوە. واتە بەکارهێنانی کۆدەکانی زمان و لێکدانەویان بەپێی ئەو ژینگەیەی ئەو کۆدانەی تێیدا بەکار هاتوە.

پراگماتیک لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی سیستمی هێمایی و بەکارهێنانی لە دەوروبەردا دەکات. پێکەوە لەگەڵ سیمانتیکدا بەشێک لە تیۆری گشتی واتا پێکدەهێنن.(Stephan c.levison، 2001:1) پراگماتیک دارشتنی واتایە لە دەوروبەردا، واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لە دەوروبەردا.( فەق ئیبراهیم ، هاوسەر نەوزاد،2014 :10) بەپێی ئەو ژینگەیەی کە دەربڕاوەکانی تێدا بەکاردێت، چەندین واتا بۆ دەربڕاوەکان دروست دەبێت ، هەر واتایەکیش جیاوازە لەگەڵ ئەو واتایەی کە لە ڕیزبون و خستنەتەکیەکی کەرەستەکاندا بەدەست دێت.

لێکدانەوەی پراگماتیک، کردەیەکی هزرییە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە توانستی مرۆڤەکانەوە هەیە ، لە لێکدانەوەی دەربڕاوەکاندا مرۆڤ پشت بە توانستی ئاوەزی خۆی دەبەستێت، هەر بۆیە دەبینین لێکدانەوەی پراگماتیکی کەسێک بۆ کەسێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازیەش لەسەر ئەو بنەمایە دروستدەبێت، کە توانستی زمانی ئاماژە بۆ توانای بەکارهێنانی کۆد و سیستمەکانی زمان دەکات بەشێوەیەکی ڕێکوپێک. ئەو توانا و لێوەشاوەییە کۆمەڵێک زانیاری زمانەوانی لەخۆدەگرێت، قسەکەر ئەو زانیاریانە لە زمان بۆ پەیوەندیکردن بەکار دەهێنێت، ئەم توانا و شارەزاییە پێویستە بۆ سەرکەوتنی چالاکی (performance) هەمو قسەپێکەرێکی ئاسایی زمان، خاوەن توانستە و ئەم توانستە لە ئاوەزیدا هەیە. ئەم توانستەش ئەبستراکتە و تەنیا لە بەکارهێنان و لێکدانەوە بۆ ڕستە و گوتنەکانی زمان دەردەکەون.

لە زانستی پراگماتیکدا چوار بنەما دەکرێت بە پێوەر (ئاخێوەر، گوێگر، دەوروبەر، بابەت) مەبەست لە دەوروبەر ئەو ژینگەیەیە ، کە ئاخاوتنەکەی تێدا بەکاردێت، یەکێک لە پێناسەکانی پراگماتیک ، بریتییە لە بەکارهێنان گونجاوی زمان لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکاندا و بەکارهێنانی گونجاوی زمان پێویستی بە شارەزاییە، ئەوانیش بریتیین لە (بەکارهێنانی زمان بۆ ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، شێوازی قسەکردن بەپێی پێویستی گوێگر و دەوروبەر، بەکارهێنانی هونەری گفتوگۆ.( دزەیی ، عبدلواحید موشیر،2014 :33)

کەواتە دەوروبەر ( context /سیاق) بنەمای سەرەکی بەدەستهێنانی واتا شاراوەکانی پشت دەربڕاوە زمانیەکانە. زمان لەچوارچێوەی کۆمەڵدا بەکاردێت و کۆمەڵێک ئەرکی جیاواز جێبەجێ دەکات .(پراگماتیک لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندیانە دەکات، کە (واتا) بەبارودۆخەوە دەبەستێت. ئەو شتانەش کە دەچنە ناو بارودۆخەوە بریتین لە: (هاوبەشی ئاخاوتن، دەوروبەری گوتن، ئامانج لە گوتن)( عەلی ، شێرزاد سەبری،2014 :16)

زۆرجار وشە و ڕستەکانی زمان لە واتای سیمانتیکی خۆیان لادەدەن و دەبەسترێنەوە بەکۆنتێکستەوە ، بۆ ئەوەی لە واتای دەربڕاوەکانی بگەین (پالمەر) دەڵێت: هەندێ ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، یان بەهۆی هێز و ئاواز و بەرزکردن و نزمکردنی دەنگ و گۆڕینی ڕەوتی دەنگ دەکرێت واتای پێچەوانەی ڕستە دەربڕاوەکە بگەیەنێت.( Palmer،1981، 41 ) زۆرجار واتای سیمانتیکیەکان ناتوانن مەبەست و واتای دەربڕاوەکان ، ڕونبکەنەوە بەڵکو( هێز و ئاواز ، دەوروبەر ، کات ، شوێن، پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر،) کاریگەریان لەسەر واتا و مەبەستی دەربڕینەکان دەبێت. واتای پراگماتیکی، ئەو مەبەستانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە ڕێکار و لێکدانەوەی گوتنەکان لە ڕوی پراگماتیکەوە. واتە چۆنیەتی بەکارهێنان و بەرجەستەکردنی یاسا و بنەما پراگماتیکیەکان لە گوتندا .( عەلی ، تالیب حوسین، 2014 :229)

**مەبەستەکانی ناو بچوککردنەوە:**

1-گەنجان و هەزەکاران ، بە زۆری لە کاتی قسەکردنیاندا بچوککردنەوە بەکاردەهێنن، لەگەڵ هاوڕێ و دۆستە نزیکەکانیان، یان خێزانیان بەو واتایەی، کە دۆخی فۆرماڵ (ڕەسمی)بەکارناهێنن لە ئاخاوتنندا.

2-هەندێ لەتوێژەرانی بواری زمانەوانی بچوککردنەوە، بەمەبەستی ئابوریکردن لە بەکارهێنانی وشەکاندا بەکاردەهێنن.

**توێژەران مۆرفۆپراگماتیکی بچوککردنەوە لەم خاڵانەدا دیاریدەکەن:**

1-بچوککردنەوە بۆ گشتگیرکردن بەکاردێت، بەڵام دەبێت لە سنوری مانای گەورەکردندا بێت. هەر زمانێک یاسای تایبەتی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی پراگماتیکی بچوککردنەوە . بۆ نمونە لە زمانی ئیتالیدا دەبێت بەشێکی بچوکی وشە پێشبینی ئەوەی تێدابێت، کە ئەم وشەیە بچوککراوەیە بەڵام بۆ گشتگیری بەکارهاتوە.

2-دەکرێت بچوککردنەوە پاڵنەری کۆمەڵایەتی لە پشتەوە بێت، وەک: ( حەزلێکردن ، دروستکردنی هەست ، پەیوەستبون ، بەرزنرخاندن ، گاڵتەپێکردن ، رق لێبونەوە...تاد).

3-بۆ بچوککردنەوەی پایەی دوژمن یان کەسی بەرانبەر بەکاردێت.(barbaresi، L and Dresslerw، 1994: 116-148)

4-نازناو دروستکردن_هەست و سۆز_خێرایی قسەکردن و ئابوری.

5-بچوککردنەوەی کەسی بەرانبەر _سنوری ناوچەیی.

6-نیگەتیڤی_تورەبون_گاڵتەپێکردن.(بڕوانە: فەقێ ئیبراهیم ، هاوسەرنەوازد،2014 :،55_91)

بچوککردنەوە و هۆکارەکانی:

1- هۆکاری زمانی کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

ئ: ئاسانی لە دەربڕیندا: هێلینا ، هێلین، هێلی

ب:ئابوریکردن لە زماندا : سارینا ، ساری ، کارینا ، کارین

پ: کورداندنی ناوەکە: عەبدولڕەحمان، ڕەحمان_ئەوڕە

ت: ئاخاوتنی منداڵ: ئانیا، ئانە، هاوژین، هاژە، ئاشنا، ئانە

2-هۆکارە نازمانییەکانیش دابەش دەبن بەسەر دو جۆر هۆکاردا کە ئەوانیش بریتین لە :

ئ -هۆکارە ئەرێنییەکان

ب: هۆکارە نەرێنییەکان

هۆکارە زمانییەکان، دەکرێت لە ئەنجامی یاسا فۆنۆلۆجییەکانەوە دەستنیشان بکرێن، بەڵام هۆکارە نازمانییەکانی پشت بچوککردنەوە پەیوەندییان بە بارودۆخی قسەکردنەوە هەیە، بۆیە ئەم جۆرە واتایە لە ئاستی پراگماتیکەوە لێکدەدرێتەوە دەتوانین گرنگترین ئەو هۆکارانە لەم هێڵکارییەدا بخەینەڕو:

هۆکارەکانی ناو بچووککردنەوە




(1)

دەکرێت ناوە بچوکراوەکان ، واتا و مەبەستی پراگماتیکی بگەیەنن، لەم ڕوانگەیەشەوە، دەکرێت چەندین مەبەست لە بچوککردنەوەی ناوەکاندا بەدەست بهێنرێن، کە هەمویان لە چوارچێوەی ئەو گوتنانەدا واتا و مەبەستەکەی ڕوندەبێتەوە. (بچوککردنەوە ، دەکرێت بەشێوای پراگماتیکیانە بەکاربێت، لەم بارەدا گریمانکاریەکە سیمانتیکی نیە.Amahda cunniggham)، (2008:71 چونکە ئەگەر گۆڕانکارییەکە سیمانتیکی بێت، ئەوا واتای وشە بچوکراوەکە گۆڕانی بەسەردا دێت، کە دەکرێت بۆ مەبەستی هێورکردنەوە (mitigation) بچوککردنەوەی ڕێژە (small size) بچوککردنەوەی قەبارە (genetic meaning) واتای ڕەگەزبەکاردێت.

بە پشتبەستن بە هەستی قسەکەر و دەوروبەر و بەکارهێنانە جیاوازەکاندا بەرجەستە دەبێت.( سەعید، سازان زاهیر، 2013 :65) واتە لە ڕێی باروودۆخ و هەلومەرجەکانی دەربڕاوەکاندا، دەکرێت واتا و مەبەستی قسەکەر ڕون ببێتەوە، کە مەبەستی لە بچوککردنەوە چیە؟ ئایا مەبەستێکی باش و ئەرێنی هەیە؟ یاخود بەپێچەوانەوە مەبەستی نەرێنی و ڕوشاندنی کەسەکانە لە بچوککردنەوەکەدا؟ ئەمەش لە ڕێگە لیکدانەوەی گوێگر بۆ ئەو ناوەبچوکراوەیە و بەپێی ئاواز و کۆنتێکستی ئەو دەربڕینە کۆمەڵێک لێکدانەوەی بۆ دەکات. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ناوە بچوکراوەکان، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کۆنتێکستی گوتنەکە و بۆنەی گوتن و کات و شوێنی قسەکردن و پلە و پایە و تەمەنی کەسەکە و هەروەها ئەو پەیوەندییەی نێوان قسەکەر و گوێگر و ئاوازەی دەربڕینەکەش لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی بگەین بە واتا و مەبەستی پشت ناوە بچوکراوەکە.

ئەو مەبەستە پراگماتیکیانەی، کە دەکرێت لە کاتی بچوککردنەوەی ناوەکاندا بەدەست بهێنرێن(توانجلێدان، ناز و خۆشەویستی) لە ڕێگەی هەلومەرج و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی گوتراوەکە نیاز و مەبەستی ئاخێوەر ڕوندەبێتەوە، کە مەبەستی پۆزەتیف یاخود نیگەتیفی لە بچوککردنەوەکەدا هەیە. دەکرێت بەکارهێنانەکە مەبەستی ئەرێنی بێت و بەمەبەستی سۆز و خۆشەویستی بەکارهێنرابێت ، یاخود مەبەستی نەرێنی بێت و بەمەبەستی ڕوشاندنی کەسایەتی بەکاربهێنرێت. یەکێکی تر لە مەبەستەکانی ئەوەیە

بۆ کوردادندنی ئەو ناوە بێگانانە بێت، کە هاتونەتە نێو زمانی کوردی. بۆ ئەوەی سیمایەکی کوردی بەناوەکە ببەخشێت.(بڕوانە: سەعید، سازان زاهیر،2013 :74 )بەکارهێنانی پراگماتیکیانەی ناوی بچوککراوە لەسەر ئەو بنەمایە دەوەستێت، کە ناوەکە لەواتای فەرهەنگیەوە بگوازینەوە بۆ واتایەکی پراگماتیکی واتە گواستنەوەی وشەیەک لە واتای فەرهەنگی و سیمانتیکی بۆ واتایەکی پراگماتیکی . ئەم کردەیەش بەوە ڕوودەدات ناوەکە سیماواتاییەکانی خۆی لەدەستدەدات و کۆمەڵێک سیمای واتایی تر لەخۆدەگرێت، واتە بەکارهێنانی ناوە بچوککراوەکە بۆ جیا لە واتای بنەڕەتیەکەی، ئەو بنەمایانەش بریتین لە: (کات، شوێن، کۆنتێکست، قسەکەر، گوێگر، بۆنەی ئاخاوتن، هێز، ئاواز) دەتوانین لە ڕێگای ئەم هێڵکارییەوە گواستنەوەی واتای ناوی بچوککراوە لە سیمانتیکەوە بۆ پراگماتیک ڕونبکەینەوە(2)




(2)

لە کاتی ئاخاوتندا، مرۆڤەکان زۆرجار بەشێکی ناوەکان دەکرتێنن، ئەم بچوککردنەوە و کرتاندنە، بە مەبەست یاخود بێ مەبەست دەبێت . زانینی ئەمەش(کرتاندن)ی بەشێکی ناوەکە لە ڕێگەی پراگماتیکەوە لێکدەدرێتەوە، چونکە بەهۆی پراگماتیکەوە دەتوانین بگەیەن بەو واتا شاراوانەی، کە لەپشت گوتنەکانەوە هەن. لە پراگماتیکیشدا بەهۆی چوارچێوەی ئاخاوتن و ئاوازەی دەربڕین ، هەروەها پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر دەتوانین لێکدانەوە بۆ واتا و مەبەستی پشت دەربڕینەکان بکەین. لەبەر ئەوەی ناوی مرۆڤ خاوەن فۆرمێکی زمانیە و دەکرێت بەپێی ڕێککەوتنی دەنگەکان و کەلتور لە بارودۆخی تایبەتدا و بۆ مەبەستی جیاجیا ناوەکان بچوکبکرێنەوە هەربۆیە کردەی بچوککردنەوەی ناوەکان پێویستی بە هۆکار و پاڵنەری تایبەت و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگرەوە هەیە.

**بابەبەتی ناوبچوککردنەوە لە زانستی زماندا دەبێتە کەرەستەی چەند ئاستێکی زمانەوانی لەوانە :**

1-فۆنۆلۆژی: بچوککردنەوەی ناو، لەم ئاستەدا بەهۆی گۆڕانکاری فۆنۆلۆژییەوە دەبێت، کە دەنگێک یان زیادتر دەکرتێنرێت، کە ڕەنگە(بۆ نازناو دروستکردن بێت یان بەهۆی هەست و سۆز دەربڕین بێت ، یان بەهۆی خێرایی قسەکردن و ئیکۆنۆمییەوە بێت، یان کۆمەڵگا بەمشیوەیە سەپاندبێتی و بەو شێوازە ڕۆشتبێت.)( فەقێ ئیبراهیم ، هاوسەرنەوازاد،204 :28)

2-مۆرفۆلۆژی: بەو پێیەی ئەو کەرەستەیەی ناو بچوکدەکاتەوە مۆرفیمە، بۆیە مۆرفۆلۆژی ئەو مۆرفیمانە دیاریدەکات ، هەر زمانە و هەڵسوکەوتی جیایە ، لەم ڕووەوە لە زمانی ئینگلیزیدا ، بە شێوەی پێشگر و پاشگریش دێن، لە زمانی کوردیدا، تەنها لە شێوەی پاشگرا دەردەکەون، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا، لەسەر بنەمای سێ وەزنی کردارەکان ئەم پرۆسەیە ڕوودەدات .کە ئەوانیش بریتین لە: (فعیل، فعیعل، فعیعیل).(بڕوانە شمری سارة رضا،2017، 3 )

3-سیمانتیک: لێکدانەوەی مەبەست و واتای ناوە بچوکراوەکانە، بەو پێیەی ناوەکان پاش بچوککردنەوەیان واتایان دەگۆڕێت، سیمانتیک ئەو گۆڕانانە دیاریدەکات، کە بەسەر سیمای واتایی ناوە بچوکراوەکاندا هاتووە.(سەعید،سازان زاهیر::68:2013)

4-پراگماتیک: دۆزینەوەی واتای شاراوەی ناوە بچوککراوەکانە ، بەپێی دەوروبەر و بەکارهێنان. بڕوانە: ( Hussein Musa : 3 Kadhim Al – Nasrawi:2016)واتە گەڕانەوە بۆ کۆنتێکستی قسەکردن و گەشتن بەواتاکانی پشت دەربڕینەکان.

5- مۆرفۆپراگماتیک: ئاستێکی نوێیە، لە ئەنجانی تێکچڕژانی هەردو ئاستی مۆرفۆلۆژی و پراگماتیکەوە بەدەستهاتووە ، مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە واتای پراگماتیکیان هەیە ، بە پێی دەوروبەری بەکارهێنان، بۆیە مۆرفۆپراگماتیک دەیەوێت ئەو واتایانە بدۆزێتەوە. (بڕوانە : فەقێ ئیبراهیم، هاوسەرنەوزاد:2014 )

6-زمانەوانی دەرونی: یەکێک لەو بابەتانەی لەم دوایەدا گرنگی پێدراوە ، بریتی بوە لە بچوککردنەوەی ناو لای منداڵدا بەتایبەتی لەسەرەتای زمان بەدەستهێناندا /Language acquisition ( بڕوانە: Ineta Savickiene، Wolfgang U. Dressler: 2007)

## مۆرفیمەکانی ناوبچوککردنەوە لە زمانی کوردیدا:

یەکێک لەو شێوانەی لە بچوککردنەوەی ناودا بەکاردێت، کرتاندنی فۆنیمی کۆتایی ناوەکە لەم بارەدا تەنها فۆنیمەکانی کۆتایی ناوەکە دەکرتێنرێن، لەم جۆرەدا زیاتر بە مەبەستە و تەنها بۆ ئاسانی دەربڕینە.

لەم شێوازەدا دەکرێت فۆرمی تەواوی ناوەکان بڕگەبڕگە بکرێت، ئەگەر هاتو بڕگەی یەکەم بە دەنگی کۆنسنانت کۆتایی هاتبو ئەوا ڕاستەوخۆ مۆرفیمەکانی(ە،ۆڵ)ی بۆ زیاد دەکرێت وەک،

فاتمە_فاتە_فاتۆڵ

بەڵام ئەگەر هاتو بڕگەی یەکەم بەدەنگی ڤاوڵ کۆتایی هاتبو، ئەوا دەنگی یەکەمی بڕگەی دووەم دەخرێتە بڕگەی یەکەم پاشان مۆرفیمەکانی (ە،ۆی)بۆ زیاد دەکرێت.( سەعید، سازان زاهیر،2013 :71)

مۆرفیمەکانی بچوککردنەوەی ناولە زمانی کوردیدا بریتین لە:/ە، ۆ، ڵ، ۆک، ک، ێ، ی.../

/ە/: ئەم مۆرفیمە بەشێوەیەکی بەرچاو لە بچوککردنەوەی ناودا لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت ، بەشێکی زۆری ناوەکان بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە بچوکدەکرێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم مۆرفیمە بەو ناوانەوە دەلکێت کە بە نەبزوێن کۆتاییان هاتوە.

ناز/نازە

نەسرین/نەسە

بەشدار/بەشە

ڕێبەر/ڕێبە

ئەوین/ئەوە

کەژاڵ/کەژە

/ک/: ئەم مۆرفیمە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بچوککردنەوەی ناودا هەیە، لە زمانی کوردیدا ئەگەر چی ناوەکان بە بزوێن یاخود نەبزوێن کۆتاییان هاتبێت، ئەم مۆرفیمە لە بچوککردنەوەی ناوەکاندا بەکاردێت.

توانا/توانک

کاروان/کارک

ماریا/مارک

زانیار/زانک

هاوژین/هاوژک

/ۆڵ/: ئەم مۆرفیمە لە بچوککردنەوەی بەشێک لە ناوەکانی زمانی کوردیدا بەکاردێت ، ڕادەی چالاکی لەو دو مۆرفیمەی پێشتر کەمترە:

ئاسکە/ئاسکۆڵ

ڕەشید/ڕەشۆڵ

ناسکە/ناسکۆڵ

/ی/: یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی کە لە بچوککردنەوەی ناودا بەکاردێت ، جۆرێک لە ناسکی بەناوەکە دەبەخشێت. ئەمجۆرە مۆرفیمە زیاتر لەنێو گەنجان بەکاردێت.

کەژاڵ/کەژی

ئەڤین/ئەڤی

لانە/لانی

/ێ/: یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی، کە لە بچوککردنەوەی ناودا بەکاردێت، ئەم مۆرفیمەزیاتر لەنێو گ گەنجاندا بەکاردێت، ڕادەی چالاکی ئەم مۆرفیمە لە مۆرفیمەکانی تر کەمترە.

ناز/نازێ

تریفە/ترێ

بەشێکی زۆری ناوەکان، دەکرێت بەچەندین شێوە بچوکبکرێنەوە لە هەر جۆرێکیشیاندا واتا و مەبەستی جیاواز دەگەیەنن، چونکە بەشێک لە مۆرفیمەکان لە خودی خۆیاندا واتای ناسکردنەوە دەگەیەنن، کە زیاتر بە مەبەستی ناز و خۆشەویستی بەکاردێت، هەندێکی تریان دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەر و بەپێی دەوروبەر و ئاوازەی/Intonation وتنەکان لە مەبەستەکان بگەین. بە گشتی مۆرفیمی /ی/ بە مەبەستی ناز و خۆشەویستی و ناسکردنەوەی ناوەکان بەکاردێت.

سۆما/سۆمک/سۆمی

تریفە/ترێ/ترک/ ترە/تری

کەژاڵ/کەژە/کەژێ/ کەژی/کەژک

مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە، وەک گروپێک مۆرفیمی دارێژراو، بۆ سازکردنی وشەی نوێ پێز و بەرهەمیان لەیەک جیاوازە ، ئەمەش بە پێویستی و بیرکردنەوەی مرۆڤەوە پەیوەست دەبێت.( سەعید ، سازان زاهیر،2013 :16) ئەم جیاوازییەی کە لە مۆرفیمەکانی بچوککردنەوەدا هەن، بەهۆی دیاریکردنی سیما واتاییەکان دیاریدەکرێت. دیاردەی بچوککردنەوەی ناولەهەموزمانەکان ولە هەمو کلتورەکاندا هەیە، بەڵام جیاوازی لەبەکارهێنانیاندا هەیە، ئەویش بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار و دابونەریتەوە کە لەو کۆمەڵگایەدا هەن. هەروەها لایەنی دەرونی کاریگەری لەسەر بچوککردنەوە و شێوازەکانی ئەم دیاردەیە دەبێت .زمانەوانی دەرونی، لقێکە لە لقەکانی زانستی زمان و گرنگی بە وەرگرتن و بەکارهێنانی زمان دەدات. زمانەوانی دەرونی بە یەکێک لە پسپۆرییە نوێیەکانی زمان و لقەکانی زمانەوانی پراکتیکی دادەنرێت،Applied Linguistic دادەنرێت، کە لێکۆڵینەوە لە وەرگرتن و تێگەیشتنی زمان دەکات.( دزەیی ، عبدالواحید موشیر،2014 :13 ) ئەم لقەی زمانەوانی گرنگی بە زمانەوانی دەرونی تاک دەدات، چونکە ڕەنگدانەوەو بەکارهێنانەکانی زمان بەپێی باری دەرونی کەسەکان دەگۆڕێت. هەر بۆیە لە کاتی بچوککردنەوەی ناوی تایبەتیدا پێویستە لایەنی

دەرونی ئاخێوەری زمان لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی بەپێی باری دەرونی کەسەکە بتوانین لێکدانەوە بۆ هۆکاری بچوککردنەوەی ناوەکە بکەین و لە مەبەستی بچوککردنەوەکە تێبگەین. (کۆهلەر) سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت: زمانەوانی دەرونی بوارێکی پسپۆرییە، کە زمانەوانی و دەروونناسی تێکەڵ دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەبەکارهێنانی زمان و لێکۆڵینەوە لە دەوروبەری دەرونی و ڕۆڵی لەبەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن و ناساندنی.( دزەیی ، عبدلواحید موشیر، 2014 :17)، کەواتە باری دەرونی ئاخێوەر و دەوروبەری ئاخاوتن وجۆر و شێوازی دەربڕین دیاریدەکەن.

هەرچەندە زۆرجار مەبەستە پراگماتیکییەکانی بچوککردنەوە دەستنیشانکراون، بەڵام لەهەمو بارێکدا ئاسان نیە بگەین بە ناخی بیرکردنەوەی کەسانی تر، هەر بۆیە دیاریکردنی مەبەستە پراگماتیکییەکانی بچوککردنەوە تەنها بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکە جۆراو جۆرەکانی بچوککردنەوەیە لە ئاخاوتندا. (k.m mahmoud 2017:57) کاتێک بچوککردنەوە لە گفتوگۆی نافەرمیدا بەکاردەهێنرێت، لەنێوان خزم و کەسانی نزیکدا ئەوا زیاتر بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و کەمکردنەوەی مەودای دەرونی نێوانیانە. (k.m. mahmood, 2017 :58،) ، واتە ئەمجۆرە زیاتر بەمەبەستی خۆ نزیکردنەوە و نەهێشتنی ئەو بەربەستەیە لەنێوانیاندا، کە وایکردوە شێوازی فەرمی لەنێوانیاندا بەکاربهێنرێت. بۆ نمونە

- ڕێبوار کتیبەکەم بۆ دەهێنی؟
- ڕێبە/ڕێبک کتێبەکەم بۆ دەهێنی؟

هەرچەندە بچوککردنەوە بەزۆری لەلایەن ڕەگەزی مێینەوە بەکاردەهێنرێت، بەلام پیاوانیش لەباری دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خێزان و هاوڕێکانیان بەکاریدەهێنن ، کاتێک ناوەکانیان بچوکدەکەنەوە. )k.m.2017 :54)،mahmood

- گەلاوێژ گیان چایەکم بۆ تێدەکەیت؟
- گەلە گیان چایەکم بۆ تێدەکەیت؟

(گەلە) بەهایەکی پراگماتیکی هەیە و بە مەبەستی خۆشەویستی بەکارهێناوە.

دەکرێت بچوککردنەوە بۆ دەربڕینی هەستی ئیرۆتیکی بەکاربهێنرێت، بەمەرجێک تەنها دو کەس بن. (k.m. mahmood, 2017 :53)، وەکو بچوککردنەوەی ناوی کارزان کاتێک خێزانی پێی دەڵێت :

کاری گیان چی دەخۆیتەوە؟

**مەبەستە پراگماتیکییەکانی بچوککردنەوە:**

**یەکەم/ئەرێنی:**

ئاسانی دەربڕین: زۆر جار درکاندنی هەندێک دەنگ بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان قورس دەبێت، ئەمەش بەهۆی بونی هەندێک گرفت لە ئەندامەکانی ئاخاوتنی ئەو کەسانەدا، بۆیە لەکاتی بانگکردن یان ناوهێناندا بەشێک لە دەنگەکان دەکرتێنرێت، بۆ ئەوەی کردەی دەربڕینی بۆ ئاسان بێت.

ژاوەرۆ خواردنەکەم بۆ داناوی.

ژاوە خواردنەکەم بۆ داناوی.

**خۆشەویستی**: بریتییە لەجۆرێک پەیوەندی کە لە نێوان دو کەسدا هەیە، زۆرجار ئەو دو کەسە لە دو ڕەگەزن(نێر،مێ) بۆ نمونە کاتێک کوڕ و کچێک، پێکەوە گفتوگۆ دەکەن کوڕەکە بە کچەکە دەڵێت:

- ژینۆ گیان گوڵێکم بۆ هێناوی.

- ژنه گیان گوڵێکم بۆ هێناوی.

لێرەدا کورتکردنەوەی ناوی ژینۆ بۆ ژنە، جۆرێک خۆشەویستی تێدایە. بەمەبەستی خۆشەویستی ناوەکە بچوککراوەتەوە.

**ناز:** بریتییە لەپێدانی کۆمەڵێک شت و چاوپۆشیکردن لە کۆمەڵێک شت، لە مرۆڤەکاندا، چونکە کاتێک مرۆڤ کەسێکی زۆر خۆشویست، بەبێ ئەوەی هەستی پی بکات کۆمەڵێک نازی دەداتێ ، جیاوازی لەگەڵ خۆشەویستی لەوەدایە، کە مەرج نیە هەمو خۆشەویستییەک نازپیدانی لەگەڵدا بێت، نازپێدان تەنها لەنێوان کەسانی زۆر نزیک ڕوودەدات. لەکاتی بانگکردندا ناوەکان بچوکدەکەنەوە.

ڕەنگە هیچ کەسێک بە ئەندازەی دایک و باوک بۆ ئەم مەبەستە ناو بچوک نەکاتەوە، کاتێک دایکێک بانگی منداڵەکەی دەکات و بۆ نمونە کوڕەکەی ناوی (ئازاد)ە دەڵێت:

- ئازە گیان وەرە نانەکەت بخۆ.
- ئازی گیان وەرە نانەکەت بخۆ.

(ئازە ، ئازی) دو ناون بچوکراونەتەوە و بەهایەکی پراگماتیکیان هەیە، کە ئەویش بە پێی ئەم بارودۆخەی ئێمە باسمانکرد بۆ نازپێدان بچوکراوەتەوە.

یان بۆ نمونە، کاتێک دو هاوڕێی زۆر نزیک لەیەک یان کوڕ و کچێک کە خۆشەویستی یەکتر پێکەوە گفتوگۆ دەکەن دەڵێن:

- ساکار گیان بچینە دەرەوە؟
- ساکی گیان بچینە دەرەوە؟

دەبینین جۆرێک لەناز لە کاتی بچوککردنەوەکەدا هەست پێدەکرێت. یان کاتێک دو کەس خۆشەویستی یەکترن، لەکاتی بانگکردندا جۆرێک لەنازپێدان لەڕێگەی دەربڕینی ناوەکەی دەردەبڕدرێت. بۆ نمونە کاتێک کچێک بانگی خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێت:

- کارە گیان دیاریم بۆ کڕیوی.

**جێخۆشکردن**: یەکێکە لە ئەرکەکان زمان، بریتییە لەوەی مرۆڤ زمان بە مەبەستی جێخۆشکردن بەکاردەهێنێت. لە دیاردەی بچوککردنەوەدا مرۆڤەکان زۆرجار ناوەکان بچوکدەکەنەوە، بەمەبەستی جێخۆشکردن و پیشاندانی جۆرێک لە نزیکایەتی لەگەڵ گوێگردا. بۆ نمونە کاتێک دوکەس پێکەوە لە شوێنێک کاردەکەن یەکێک لەو کەسانە پلەیەک وەردەگرێت، کەسی دوەم بە مەبەستی جێخۆشکردنی خۆی لەلای کەسی یەکەم زۆرجار پەنا بۆ بچوککردنەوەی ناوەکە دەبات.

- محمد گیان ئەو واژۆیەم بۆ دەکەی؟
- حەمە گیان ئەو واژۆیەم بۆ دەکەی؟

**هاوڕێیەتی**: کاتێک دو کەس دەبنە هاوڕێ، کاریگەری لەسەر شێوازی بانگکردنی ناوەکان دەبێت . بۆ نمونە کاتێک دو کەس لەسەرەتای هاوڕێیەتیدان، لە کاتی بانگکردنی یەکتردا بە شێوەیەکی فەرمی ناوەکە بانگدەکەن، بەڵام کاتێک هاوڕێیەتییەکەیان قوڵ دەبێتەوە ، ئەوا شێوازی قسەکردنیان لەگەڵ یەکتردا گۆڕانی زۆری بەسەردا دێت. هەر بۆیە ئەم گۆڕانە لە کاتی بانگکردنی یەکتردا ڕەنگدەداتەوە و ناوەکان بچوکدەکەنەوە. بۆ نمونە کاتێک دو هاوڕێ لەسەرەتای پەیوەندی هاوڕێیەتی دەیانەوێت پێکەوە بچنە دەرەوە ئەوا بەمشێوە گفتۆگۆدەکەن:

- ئارام دێیت بۆ بازاڕ؟

بەڵام کاتێک پەیوەندییەکی بەهێزی هاوڕێیەتی دروستدەبێت:

- ئارە دێیت بۆ بازار؟

**دووەم/نەرێنی:**

**شکاندنەوە:** ئەمجۆرە لە بچوککردنەوە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەی کەسی یەکەم(بانگکراو) بێڕێزی بەرانبەر بە کەسی دووەم (قسەکەر)کردبێت ، یان ڕەنگە بەهۆی جیاوازی لە پلەوپایە و باری ئابوری جۆرێک لە ڕق لە لای کەسی دووەم بەرانبەر کەسی یەکەم دروستبوبێت . هەر بۆیە لە کاتی بانگکردندا بە مەبەستی شکاندنەوە ناوەکە بچوکدەکاتەوە. بۆ نمونە کاتێک کەسێک لە نێو کۆمەڵێک خەڵکدایە و کەسێک بانگی دەکات.

- بلە ئۆتۆمبێلەکەت نافرۆشی؟

- ها ئەحە خۆت گۆڕیوە.

لەم جۆرەدا بەمەستی شکاندنەوە ناوەکان بەکارهاتوە، چونکە کاتێک کۆمەڵێک کەس پێکەوەن و هاوڕێیەتیەکی پتەو لەنێوانیاندا نیە و بەوجۆرە بانگدەکرێت، ئەوا بەمەبەستی شکاندنەوە بچوککردنەوەکە بەکاردەهێنێت.

**بچوککردنەوەی کەسایەتی(سوکایەتی پێکردن):** ئەمجۆرە کاتێک بەکارێت، کەسێک لەکاتی بانگکردندا ناوەکە بەجۆرێک بچوکدەکاتەوە، مەبەستی بچوککردنەوەی ئەو کەسە بگەیەنێت. واتە قسەکەر بە مەبەستی سوکایەتی و کەمکردنەوەی کەسایەتی بانگکراو، تانەوتەشەر ناوەکان بچوکدەکاتەوە.

- سالارئۆتۆمبێەکەت جوانە.

- سالە ئۆتۆمبێلەکەت جوانە.

لەهەموئەم باردانەدا (ئەرێنی،نەرێنی) هێز و ئاوازە/Intonation ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەستنیشانکردنی مەبەستەکانی بچوککردنەوەدا دەبینێت . هەر بۆیە دەکرێت ئامرازێک(مۆرفیمێکی بچوککردنەوە)، کە واتای نازو خۆشەویستی دەگەیەنێت ، لەکاتی بانگکردنەکەدا بەهۆی ئاوازەی دەربڕینەکە واتای پێچەوانە بدات بە دەستەوە.

**گاڵتەپێکردن:** هەندێک جار مرۆڤ بە مەبەستی گاڵتەپێکردن، ناو بچوکدەکاتەوە. ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکار، کە وادەکات قسەکەر بۆ مەبەستی گاڵتەپێکردن ئەو ناوە بچوک بکاتەوە . وەک(خۆ بەگەورەزانین، پلەوپایە، بونی سەرمایەی زۆر، بونی بڕوانامەی بەرز...تاد)بۆ نمونەوە: کەسێک پۆستێک وەردەگرێت، کە قسەکەر پێشبینی بۆ ئەوە نەبوە، کاتێک لێی دەپرسێت جۆرێک لە گاڵتەپێکردن لە دەربڕینەکە هەستپێدەکرێت.

- سالارئەڵێن بوی بە سەرۆک.

- سالە ئەڵێن بوی بەسەرۆک.

- عەبدوڵلا بیستم خانوت کڕیوە.

- عەبە بیستومە خانوت کڕیوە.

قسەکەر زۆرجار لەکاتی دەربڕینی ئەمجۆرە ڕستانە بزەیەکیش ئەخاتە سەرلێوی، واتە وەک ئەوەی بڵێت، کە تۆ شیاوی ئەو پۆست و سەرمایە نیت.

پرۆسەکانی بچوککردنەوە: بچوککردنەوەی ناو بەچەند ڕێگایەک دەبێت لەوانە:

**کرتاندن:** بریتییە لە کرتاندنی مۆرفیمیک یان زیاتر لەناوەکە، (ئەو گۆڕانەیە، کە بەسەر پێکهاتەی ناووەی ناوەکەدا دێت ئەویش بەلابردنی دەنگێک یان زیاتری ناوەکە.)( سەعید ، سازان زاهیر،2013: 69)جا مۆرفیمەکە لە کۆتایی ناوەکە بێت یان لەناوەڕاستی ناوەکە. .لەم پرۆسەیەدا ناوەکە مۆرفیمی بۆ زیاد ناکرێت، بەڵکو تەنها لابردن و کرتاندنی مۆرفیمێک یان زیاتری

ناوەکەیە.(مەبەست لە کرتاندن ئەوەیە، کە فۆنیمێک یان چەند فۆنیمێک لە وشەکە کەمبکرێتەوە.( واحد ، ساکار کەمال، 2007 :110) کرتاندیش زۆرجار بەمەبەستی ئابوریکردن و ئاسانکردنی کردەی دەربڕینە لە زماندا.

- سیڤەر ئەو مۆبایلەکەم پێبدە.
- سیڤە ئەو مۆبایلەم پێبدە.
- ئانیا نان دەخۆیت؟
- ئانە نان دەخۆیت؟

**کرتاندن+زیادکردن:** لەم پرۆسەیەدا دو دیاردەی دەنگی جێبەجێدەکرێت، ئەوانیش بریتین لە:(کرتاندن) و(زیادکردن) ئەمجۆرە بە ڕێژەیەکی زۆرتر بەکاردێت، بەراورد بە پرۆسەکانی دیکە.

- شەرمین کتێبەکەم بۆ هێناوی.
- شەرە/شەری کتێبەکەم بۆ هێناوی.
- کاروان چا دەخۆیتەوە؟
- کارە چا دەخۆیتەوە؟

دەبینین لەگەڵ ئەوەی، کە مۆرفیمێک یان زیاتر لە ناوەکە کرتێنراون، لەهەمان کاتدا مۆرفیمی/ە/،/ی/ بچوککردنەوە بۆ ناوەکە زیاد کراوە.

**پراگماتیکی مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە:**

هەندێک لە مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە، دەکرێت واتا و مەبەستی پراگماتیکی بدەن بە دەستەوە، واتە جگە لە واتای سیمانتیکی بە پێی کۆنتێکست و هێز و ئاوازە و شێوازی دەربڕین و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، کۆمەڵێک واتای پراگماتیکی بگەیەنن. لەخوارەوە ئاماژە بەو مۆرفیمانە دەکەین:

**/ی/** ئەم مۆرفیمە جۆرێکە لە مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە، تاڕدەیەک دەتوانین بڵێین مۆرفیمێکی چالاکە ، لەم بوارەدا بەزۆری ئەم مۆرفیمە بەمەستی ناسکردنەوەی ناوەکە بەکاردێت. زیاتریش لەنێوان ئەو کەسانەدا بەکاردێت ، کە خۆشەویست، هاوڕێ، خزمایەتی، لەنێوانیاندا هەیە. ئەمجۆرە مۆرفیمە لە بچوککردنەوەی ناوی ئافرەت زیاتر بەکاردێت.

نمونە: باخی ئەو ڕۆمانەم بۆ هێناوی.(لەنێوان دو هاوڕێ)

**/ک/**جۆرێکی تری مۆرفیمی بچوککردنەوەیە، ئەمجۆرە مۆرفیمە دەتوانین بڵێین زیاتر بەمەستی کەمکردنەوەی کەسایەتی، یان لەکاتی هەڵچون و ناتەبایی نێوان قسەکەر و گوێگر بەکاردێت. زۆر جار وەک ڕقێک بەرانبەر بەگوێگر بەمجۆرە ناوەکەی بچوکدەکرێتەوە بۆ نمونە:

- کارک واز بهێنە.
- شەیدک بۆ ئەو کارەت کردوە.

/ە/ئەمجۆرە مۆرفیمە، لە هەمو جۆرەکانی تری مۆرفیم چالاکترە ، لەبواری بچوککردنەوەدا . زۆرجار ئەم مۆرفیمە بەمەبەستی ئابوریکردن بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەشکرێت هەندێک جار بەمەبەستی پراگماتیکی بەکاربهێنرێت. بۆ نمونە کاتێک قسەکەر لەکاتی توڕەیی و هەڵچوندا ناوەکە بەهۆی ئەم مۆرفیمەوە بچوکدەکاتەوە، زیاتر مەبەستی دەرخستنی ڕق و توڕەییە لەکاتی بانگکردنەکەدا ، دیارە ئاوازەی دەربڕینەکە مەبەستەکان دیاریدەکات.

- کەژە ئەڵێی خواردنت ئامادە نەکردوە.
- ئارە ئەڵێی تۆ واز لەو کارە ناهێنی.

/ێ/جۆرێکی تری مۆرفیمە، کە لەبواری بچوککردنەوەی ناوی تایبەتیدا بەکاردیت. ئەمجۆرە مۆرفیمە بەزۆری دەچنە سەر ئەو ناوانەی، کە بە نەبزوێن کۆتاییان هاتوە. ئەم جۆرە بچوککردنەوەزیاتر لەنێوان ئەو کەسانەدا کە خۆشەویستن، یان هاوڕێن، بەکاردێت. ئەمجۆرە لەڕوی بەکارهێنانەوە بەکارهێنانی کەمترە لەگەڵ ژمارەیەکی کەمی ناوەکان بەکاردێت.

- کەژێ دێیت بۆ زانکۆ.
- ترێ کتێبەکەت هێنا؟

/ۆڵ/ئەم مۆرفیمە، ڕێژەی بەکارهێنانی لەهەمو مۆرفیمەکانی تر کەمترە، قسەکەر زیاتر بە مەبەستی گاڵتەپێکردن بەکاریدەهینێت، بە تایبەت ئەگەر لە کاتی بانگکردنەکەدا بزە بخاتە سەرلێوی، یان بەپێکەنینەوە بانگی گوێگر بکات وبڵێت:

- ئاسکۆڵ خواردنت ئامادە نەکردوە.
- ناسکۆڵ بۆ درەنگ هاتی؟

**ئەنجام:**

1- بچوککردنەوە پرۆسەیەکی زمانییە، لە هەمو یان زۆربەی زمانەکانی دنیادا بەکاردەهێنرێت، هەر زمانەو یاسای زمانی تایبەتی هەیە، بۆ ئەم مەبەستە، لەزمانی کوردیدا بە شێوەیەکی فراوان ناو بچوکدەکرێتەوە و بچوککردنەوەکەش لە ڕێگەی مۆرفیمی پاشگرەوە/Suffixes morpheme دەبێت.

2- مۆرفیمەکانی بچوککردنەوەی ناوی تایبەتی لەزمانی کوردیدا بریتین لە: /ی/ ،/ۆڵ/ ،/ ول/ ،/ ک/ /ێ / ، / ە/ ، /ۆ/.

3- مۆرفیمەکانی بچوککردنەوە، جگە لە واتا سیمانتیکییەکانیان کە بریتییە، لە بچوککردنەوەی قەبارە، واتا و مەبەستی پراگماتیکیشیان هەیە، بە پێی( دەوروبەری زمانیی، پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، تەمەن، ڕەگەز، پلەوپایەی کۆمەڵایەتی...تاد) واتە، دەکرێت بچوککردنەوە لە بەکارهێناندا بۆ جیا لە واتای بچوککردنەوە بەکاربهێنرێت.

4- مەبەستە پراگماتیکییەکانی ناوبچوککردنەوە زۆرن و ناتوانین هەمویان دیاریی بکەین، چونکە چەند دەوروبەرمان هەبێت، ئەوەنەش واتا و مەبەستی جیاوازمان دەبێت و پراگماتیکیش ناتوانێت بگات بە ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤ، بەڵکو تەنها لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەو واتایانە بدۆزێتەوە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە بەدەست دێن، گرنگترین ئەو مەبەستانەی لەم توێژینەوەیە جیاکراونەتەوە، ئەمانەن : گاڵتەپێکردن، بچوککردنەوەی کەسایەتی(سوکایەتی پێکردن) ، شکادنەوە ، هاوڕێیەتی ، جێخۆشکردن ، ناز، خۆشەویستی.

5-زۆرجار ناوەکان پۆلی فەرهەنگیان دەگۆڕن، لەکاتی بچوککردنەوەدا:کۆسار/کۆسە،دیار/دیکە. دەبینین ناوی کۆسار کە ناوێکی تایبەتیە لەکاتی بچوککردنەوەکەدا پۆلی خۆی گۆڕیوە بۆ ئاوەڵناو کۆسە بۆ ڕەگەزی نێر(پیاو) بەکاردێت، کە کەم توکن، هەروەها دیار، ناوێکی تایبەتیە و لەکاتی بچوککردنەوەکەدا بوە بە دیکە ،یان ئەوین،ئەوە،کە پۆلی ئاوەڵناوی نیشانەن.

6-کۆمەڵێک لەو مۆرفیمانەی، کە بۆ بچوککردنەوە بەکاردێن وەک(ی،ێ)زیاتر لەنێو گەنجاندا بەکاردەهێنرێت.

**پاشکۆ:**

**لیستی ناوی بچوکراوە**

| ناو | بچوککردنەوە |
|---|---|
| بەشدار | بەشک،بەشە |
| هەرمێ | هەرمک،هەرمە |
| ئاریان | ئاری،ئارک،ئارە |
| ئازاد | ئازک،ئازە،ئازی |
| کاروان | کارە،کارک،کاری |
| تریفە | ترێ،ترە،ترک،تری |
| ئاشنا | ئاشە،ئاشۆڵ |
| سەیران | سەیرک |
| ئەژین | ئەژە،ئەژی |
| هاوژین | هاوژە،هاوژک |
| چرۆ | چرک |
| ئاران | ئارە،ئارا |
| ئاواز | ئاوک،ئاوە |
| بەرزان | بەرزە،بەرزک،بەرزی |

**سەرچاوەکان:**


1. دزەیی،عبدالواحید موشیر،2014. زانستی پراگماتیک،چاپی دوەم،ناوەندی ئاوێر.
2. زامدار،محمود2011، گەردانی ناو لە زمانی کوردیدا،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر،چاپی یەکەم،
3. سەعید،سازان زاهیر، 2013 پێزی مۆرفیمە دارێژەکان لە داڕشتن و سازکردنی وشەی نوێدا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.
4. عەلی ،تالیب حوسین ،2014، زانستی زمانی کوردی، هەولێر.
5. عەلی،شێرزاد سەبری ، 2014 ، پراگماتیک،،ئەکادیمیای کورد.

فەقآ ئیبراهیم،2014، هاوسەرنەوزاد،مۆرفۆپراگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،.

6. واحد،ساکارکەمال،2007، کاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین،.
7. شمری سارە رضا،2017،التصغیر في اللغة العربیة،کویت.
8. Anna Theresa Hägg، 2016، a contrastive study of English and Spanish synthetic diminiutives، university of Oslo

9. ،small talk the form and function of the diminutive suffix in northern est cree ،2009 ،Amahda cunniggham .edu.sci.vol16.no1Memorial University of Newfoundland

10. :the acquisition of diminutives ،Wolfgang U. Dressler,2007 ،Ineta Savickiene

11. ،2016 ،The Problematic Use of Noun Diminutive Forms in English ،Hussein Musa Kadhim Al – Nasrawi ،university of babilon

12. .pragmatics the study of language use ،2016 ،George Yule

13. w.u.(ed.): ،a preliminary investigation"in dressle ،"diminutives in early child Greek ،1997،u،stephouy studies in pre and proto morphology: 147-156.vienna: verlage derosterreichischen akademie der .wissenchaften

14. a pragmatic analysis of diminutives in Palestinian society; international journal of ،2017 ،Mahmood k.m .vol11.no1 ،language study

15. Cambridge studies in ،Morphology and lexical semantics،2009 ،Rochelle،libe .linguistic.cambridge/Cambridge university press

16. .a glossary of semantics and pragmatics،2006 ،cures

17. a comparative study of diminutive forms in English and Arabic ،2009 ،iman Hamid sahar faiq

18. .university of Nijmegen Netherland ،2001 ،Stephan c.levison

19. .second education ،semantics ،1981 ،F.r.palmer

20. and other ،German،morpho pragmatic ;diminutives and intensifiers in italian ،1994 ، mouton de Gruyter press،;berlin،languages